# خەونێك بۆگەڕانەوەی ململانێ

نیهادجامی

بۆئەوەی لەهەلوێستی ئەو وولاتانە تێبگەین کەلەدژی ئەو جەنگەدا هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاندووە، پێویستمان بەوەیە تەنیا لەسەر ئاستی هەلوێستی جەنگ هیچ دەولەتێك هەڵنەسەنگێنین، بەڵکوبۆ ئەو هەلسەنگاندنە پێویستمان بەکۆی ئەو یادەوەرییە هەیە کە ئەو دەولەتە هەڵگرییەتی، بۆیە کاتێلەسەرهەلوێستی ناکۆکی ڕووسیا لەدژی شەرقسە بکەین نابێ دەسبەرداری ئەو ڕابردووە بین، کەئەودەولەتە شانازی پێوە دەکات، ڕابردوویەك وەك خەونێکی لەدەستدراو سەیری دەکات، خەونێك کە ئەومێژوویەکی لەململانێیەکان هەبووەو ئەمرۆلەدەستی داوە، بۆیە دژایەتی رووسیا بۆ ئەو شەرە پەیوەندی بەوەوە نییە کە ئەو دژی شەروکوشتارە، ئەو بۆخۆی خاوەن مێژوویەکی دەولەمەندەلە تراژیدیاوبە تایبەت دوای دەرچوونی لەململانێیەکانیش، ئەوە تەنیاستالین نییە کەسیستمی بەناو سۆسیالیستیبەخوێن دادەمەزرێنێ، بەڵکوتراژیدیایئەو سیستمە دوای هەڵوەشاندنەوەی دەرکەوت، بۆیە ئەوە دژە شەڕکردن نییە ئەو وولاتە دەکات بەنەیار بۆرزگارکردنی عیراق، بەڵکوئەوشەرە چەندەلەدژی دیکتاتۆرییەتی سەدام حوسێنە، سەد هێندەش شەرێکە بۆ خۆسەپاندنی ئەمریکا تا بە دوژمنەکانی بلێت کەئەو لەململانێیەکان توانیویەتی سەرکەوتوو بێت، دیارە دەولەتێك کە لەهەموویان باشتر لەو حالەتە تێبگات ڕووسیایە، چونکە دلنیایە لەوەی ئەم شەرەلە پێناوهەیمەنەی ئەمریکی دایە، بۆیە ڕووسیا پێی خۆش بێت یان دژایەتی بکات دواجار دەبێت لەوە تێبگات کەئەوە سیستمە خوێناویەکەی بەناو کۆمۆنیزمی ستالین وگۆرباتشۆف بووئەو دۆخەی خولقاند، دۆخێك ئیدی دەبێت ئەنجامەکەشی قبول بکات، چونکەگەڕانەوە بۆ ئەو خەونەی ڕابردوو بۆکۆمۆنیزم یان هەرسیستمێکیترکە ڕووسیا داکۆکی لێ بکات ئەوە جگەلە وەهمێکی ڕووسی بەولاوە شتێکی تر نییە، بەڵام ئایا ئەو قسەیە بەومانایەکە ئیدی ئەوە دۆخێکە بۆمردنی مارکسیزم؟ بالە بەرامبەر ئەو پرسیارە بووەستین، چونکە ئەوپرسیارە توانای ئەوەی هەیە جیاوازی لە تێگەیشتنمان درووست بکات لەوەی مردووکێیە؟ چونکە "دریدا" ووتەنی ئەوەمارکسیفەلسەفی نییە مردووە، بەڵکو مارکسی حزبیە، مارکسێکە بە حزبی کراوە، هەموو ئەو ڕەهەندە فەلسەفیانەی ناودەقی مارکس، لەلایان"لینین"ەوە بە ئایدیۆلۆژی کرا بۆیە ئەوەلینین بوو زەمینەیەکی نوێی دارشت بۆمەرگی مارکسیزم، بەلام مارکسێکی حزبی، مارکسێك کەزمانی فەلسەفیتیا کراوەتە دەرەوە، بۆیە ڕووسیا چەندە بیەوێ لە ناوئەو یادەوەرییەوە خۆی بە خاوەن دیدێکی جیاواز بزانێت، بەڵام لەڕاستیدائەو جیاواز نەبووە، بەڵکولە بەرگی مارکسیزمەوە هەلساوە بەگەمەیەکیسیاسی، گەمەیەك کەدەبێت ڕووسیا تیایدا دڵنیابێت کە ئیدی ئەو لە دەرەوەی ململانێیەکاندایە.

کە ئەودەولەتە بەرلە ڕووخانی سیستمەکەی هەستی پێی دەکرد، بە تایبەت کاتێگۆرباتشۆف لە هەشتاکان سەردانی بەغدا دەکات بەرەنجامی ستایش کردنیەتی لە بەرامبەر سەرکەوتنی عیراق لە جەنگی لەگەڵ ئێراندا، ئەوەش بە سەرکەوتنی خۆی دەزانێت، ، نەك لەبەر ئەوەی کەئەو چەکی بە ڕژێمی بەعسداوە، بەڵکوئەو جەنگەی بەعس بە جەنگی خۆیدەزانێ، کە پێی وابوو شکستی ئێران شکستی ئیسلامە، ئەوە یەکێتیسۆڤیەت بوو شەڕیلە دژی ئیسلام ڕادەگەیاند، نەك ئەمریکا بەڵکوئەوەیلە تاك جەمسەری ئەمریکادا وەك ستراتیژ سەیر دەکرێت کۆکردنەوەی نەتەوە وکلتورە جیاوازەکانە لەژێر سایەی ئەمریکا، کە ئەوەش دواجار بەسەرکەوتنی خۆی دەزانێت، سەرکەوتنێك خاڵینییە لە سیستمێکی بێگوناح، بەڵام مادامەکیلە ناو سەدەیەك دابین کە سەرمایەداری ئامادەی ئەوەی تیایەلەگەمەکە بەشداریمان پێبکات، نەچوون بەرەو پیری ئەودۆخە بۆخۆیڕازیبوونە بە دۆخێکی تراژیدیتر، بەتایبەت کە تادوێنێ سۆڤیەت عێراقی لەگەمەی خۆی بەشداری پێکردبێت، ئەوا پێویستە ئەمرۆ کورد بزانێت کە بەشداری کردنی لەبەرەی ئەمریکادا ناکرێ بکرێتە قوربانی هەستی هەڵچوون و کەفوکولێ ئایدیۆلۆژیانە وەك بینیمان کەچۆن چەپی کوردی بۆدژ وەستانەوە لەبەرامبەر شەڕ ئامادە بوو لەگەڵ ئیسلامیەکان بچێتە نێو

خۆپیشاندانەوە، ئەوهەڵوێستەی چەپی کوردی بەرەنجامی ئاکارێکی ئایدیایکی دۆگما بوو، کە ناتوانێلەدەرەوەی وێنەی سەرمایەدارییەوە سەیری ئەمریکا بکات، لێرەوە زەحمەتە بتوانین جیاوازییەك دەست نیشان بکەین، لەنێوان چەپ وئسولیەتدا، چونکە یەك دیدی لەیەك چووکۆیان دەکاتەوە، ئەو دیدەی هەموو ڕابردوو بیردەکات ڕابردوو دەکاتە قوربانی ئایدیۆلۆژیاکەی خۆی، دەنا گەر وانەبێت چی کۆنە مارکسیەك و سەلەفیەکی ئاینی کۆ دەکاتەوە، بۆیە پێویستە ئەمڕۆ هێزە سیاسیەکانی دنیای کوردی دەست بەرداری دیدی تاك ڕەهەندیان بن بۆدنیاو بزانن حەکیمانە لەگەڵ بارودۆخەکە ڕەفتار بکەن، بۆئەوەی چیتر نەکەوینە پەراوێزی دەوڵەتانەوە، کەڕووسیا رۆلێکی کاریگەری بینیوە لەناو مێژوودا بۆ پەراوێز کردنمان، بەلاَم لەم دۆخە نوێیە نە ڕووسیا دەتوانێ بەو کارە هەلبستێت، وەنە کورد جارێکی تر دەچێتە بەرەیەکەوە کەخەونەکانی خۆی وابەستەی یۆتۆپیای کۆمۆنیزمێکی خەیالی بکات کەلە ڕاستیدا نوێنەرێکی تری سەرمایەداری بووە وچیتر خۆمان دەست خرۆ نادەین بەو ناوەی چۆن دەچینە بەرەی سەرمایەداری، چونکە ئەو بویریەی ئەمڕۆ کورد چۆتە ناویەوە بەرەیەکە بۆنەمانی تیرۆرو خۆشگوزەرانییە کەچیتر لەناو کارەساتەکاندا نەژییین، بۆیە بوونمان لەناو ئەو بەرەیەدا پێشڤە چوونێکە دەبێت بە ووریاییەوە مامەلەی لەتەکدابکەین، نەشترسین لەوەی هەندێك وولاَتی عەرەبی چۆن سەیرمان دەکەن ئەوانەی پێیان وایە کە چۆن دەکرێخۆمان بە هاوکاری ئەمریکا بزانین ئەوانە بەرلە هەموو شتێك پێویستە پرسیاری ئەوەیان لێبکرێت کە بەعس ئەو هەموو تاوانەی لە بەرامبەر کورد ئەنجام دەدا ئەوان هەلویستیان چی بوو، ئایا هەلوێستی ئەوان لە ڕووسەکان باشتر بوو؟ ئیدی لەچی بترسین، بەلْکو پێویستە بەرژەوەندیەکانی خۆمان بخەینە سەرووی گلەییەکان. چونکەگلەییەکان بەرهەمی دیدێکی سەلەفیانەی نەگۆرە بۆ دنیاکە ناتوانێ ئەمریکا وەك هێزێکی دڕندە سەیر نەکات، هەردەم تاوانەکانی نێومێژوو ئاماژە پێدەدات وەك ئەوەی بەعس سیستمێکی بێگوناح بێت و تاوانێکی ئوتۆی نییە شایەنی باسکردن بێت، یاخود لە سایەی بلۆکی سۆسیالیستی مرۆڤایەتی ڕزگاری بوو‌بێت، ئایا کەبو ڕابردوودا دەچینەوە پێویست نییە بە هەلوێستەکانماندا بچینەوەو گۆران لەبۆچوونەکانماندا بکەین؟ nihadjami@hotmail. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣